ئاسۆ بیارەیی
2005-5-21 سوێد

ڕەخنە و جنێو

ئەگەر ڕەخنەت لە بنەماڵەی بەرزانی گرت، بەبێ ئەملا و ئەولا ئاڵای سەوزت هەڵکردووە و تاسەر ئیسقان یەکیەتیت. ئەگەر ووتت یەکیەتیش پای لار داناوە، ئەوە بێ سێ و دوو، تۆ مسکین و شوانی پارتیت، بەنان ئەشقەمی ئەوان دەژیت.

خۆ ئەگەر نوێژ نەکەیت و کەس لە مزگەوت نەدبینێت، با فریشتە و دەست پاکیش بیت، ئەوا تۆ کافریت و شیوعیت، با ناوەکەشت هاوڕێ مەلا بێت و قورئانیشت خەتم کردبێت.

ئەگەر دەمت تەتەڵەی کردو ووتت: مارکس هەڵەیە، بێ چەند و چوون، جەنابت تەحریفیت و لە لابالّی تڕۆتسکیت، دژی بەرژەوندی چینی کرێکاریت و لە بەرەی بۆرژوایت.

ئەگەر باوکت، برایەکت، خالێکت یان مامێکت، ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەندامی پارتییەک بووبێت، ئەوا، تۆ، ئۆتۆماتیکی سەر بەو لایەنەیت، خوا نەکات ئەو لایەنە بێ دەسەلات بێت، دوور نییە توشی هەزار چەرمەسەریش نەبیت ، لێ تۆ، خوێنی ئەو پارتییەت تیایە، بە پێچەوانەشەوە، ڕەنگە پۆستێکی باشت دەست کەوێت و کۆمەڵێ دۆنمە زەویت بەدیاری پێبدرێت. ئەگەر پارتییەکەی خزمەکەتان، لە سەر وەیس بێت. گرنگ نییە، ئەگەر ئەنفالچێکی دیرینیش بووبیت. جارانیش سەرجەمی ئەم لایەنانە لای ڕژێمی بەعس، تێکدەربوون.

ئەگەر لە ئەوروپا بیت، تۆ خاکی کوردستانت بەجێ هێشتوە و ئاودەست پاک دەکەیتەوە، لە سەر دۆلار دەخەویت، هەمیشە خەریکی سوڕدانێت، ئەگەر ئازا بویتایە بستێکی وڵاتی خۆتت نەدەفرۆشت.

پێوەرەکان لە وڵاتێک، کە لایەنێکی بەرهەڵستکاری تێدا نەبێت ، هەشبێت بۆی نییە دەم بکاتەوە، هەروا دەبێت، چونکە لایەنی دەسەڵاتدار، بڕوای بە دیموکراتی نییە و نایەوێ هیچ هیزێکی تر، هەرهشە لە دەسەڵاتەکەی بکات. چونکە کەسەکان لە کۆمەڵگەی وادا، لە پرۆسەی سیاسیدا هیچ دەنگێکیان نیە. چونکە هیچ لایەنێک لەو لایەنانە کە حاکمن، بەشێوەیەکی دیموکراتی نەبوونەتە خاوەن دەسەڵات. کەس بۆی نییە سەنگەرێکی تر بۆ خۆی دیاری بکات.

بوونی لایەنی ئۆپۆزسیۆن، لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و دیموکارتدا، پرۆسە هەمەلایەنکان پێش دەخات، پێش بڕکێیەکی ڕەوا، بۆ خزمەتی خەڵک، سەوزدەکـات. هەر ئەو پێشبڕکێیەشە، کە چاودێری ئەو لایەنە دەکات، کە دەسەڵات دەگرێتە ئەستۆ، لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی. بچوکترین هەڵە، دەبێتە ئەنجامی شکستی، لایەنی دەسەڵاتدار، لە هەڵبژاردنی ئایندەدا.

لێرەوە، دەتوانین بڵێین، لە دایک بوونی هێزی دووەم، بەرهەڵست لە دەرەوەی دەسەڵاتی دوو حکومەتەکە، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، پێویستییکە کە دواخستنی زیانمان پێ دەگەێنێت، کێشە هەنوکی و دواڕۆژیەکانیش، لە بازنەیەکی داخراودا دیل دەکات و تەشەنە دەکەن.
شەڕی براکوژی، دواکەوتنی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، بەسەرچونی تەمەنی پەرلمان، گەندەڵی و زۆر گرفتی ئەمڕۆی کوردستانی باشور، باشترین نموونەیە، لە نەبوونی دەسەلاتی دووەم و ئۆپۆزسیۆن.